لە بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# تویشووی

# بانگخواز بۆ لای خوای گەورە

(زاد الداعية إلى الله عزَّ وجل)


**نووسینی زانا و پێشەوا**

**محمد بن صالـح العثيمين رحمه الله**

وەرگێڕانی

**محمد عبد الرحمن لطيف**

وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهيم) لە کەلار



**چاپی شەشەم** ١٤٣٨ ك


---

**ماڵپەری بەهەشت**

**ba8.org**

**ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەکی دانەر :

بەڕاستی هەموو سوپاس و ستایشێك بۆ خوایە ، سوپاس و ستایشی دەکەین و داوای یارمەتی و داوای لێخۆشبوونی لێ‌دەکەین و تەوبەی بۆ لا دەکەین و دەگەڕێینەوە بۆ لای ، وە پەنای پێ‌دەگرین لە خراپەکانی دەروونمان و لە کردارە خراپەکانمان ، هەرکەسێك خوا هیدایەتی بدات ئەوا کەس نی‌یە گومڕای بکات وە هەرکەسێکیش خوا گومڕای بکات ئەوا کەس نی‌یە هیدایەتی بدات .

وە شایەتی دەدەم بەوەی کەوا هیچ پەرستراوێك نی‌یە شایستەی پەرستن بێت جگە لە الله ، تەنهایە و بێ شەریکە ، وە شایەتیش دەدەم بەوەی کەوا (مُحَمَّد ﷺ) بەندە و نێردراوی خوایە ، خوای گەورە ناردوویەتی بە زانستی بە سوود و کرداری چاکە بۆ ئەوەی سەری بخات بە سەر هەموو دین و ئاینەکاندا ، پەیامی خوای گەیاند و ئەمانەتەکەی گەیاندەجێ و ئامۆژگاری دڵسۆزانەی ئوممەتەکەیی کرد و لە پێناوی خوادا تێکۆشا بە ئەو پەڕی تێکۆشان ، وە ئوممەتەکەیی بە جێ‌هێشت لەسەر ڕێگا و ڕێبازێکی روون کە شەوی وەکو ڕۆژی روناکە و کەس لێی لانادات مەگەر کەسێکی فەوتاو و تیاچوو نەبێت ،

سەڵاوات و سەلامی خوا لەسەر خۆی و کەسوکار و صەحابەکانی و ئەوانەیش کە بە چاکە شوێنیان کەوتوون تاوەکو ڕۆژی پاداشت وەرگرتنەوە .

وە داوا لە خوای گەورە دەکەم کەوا من و ئێوەیش بگێڕێت لە شوێنکەوتوانی لە ناخ و ڕواڵەتیشدا ، وە لەسەر دین و بەرنامەکەی ئەو بمانمرێنێت ، وە لەگەڵ پێڕی ئەودا کۆمانبکاتەوە و حەشرمان بکات ، وە بمانخاتە بەر شەفاعەتی ، وە لەگەڵیدا کۆمانبکاتەوە لە باخچەکانی خۆشگوزرانیدا لەگەڵ ئەوانەی کە نازونیعمەتی خۆیی داوە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و زانایان و پیاوچاکان .

دوای ئەوە :

برایان : بەڕاستی پێمخۆشە بگەم بە خزمەت برایانی موسڵمانم لێرەدا[١] ، وە لە هەموو شوێنێکی تریشدا کە ئومێدی خێر و بڵاوکردنەوەی ئەم دین و ئاینەی لێدەکرێت ، چونکە خوای گەورە عەهد و پەیمانی وەرگرتووە لە هەموو کەسێك کە زانستی پێداوە کەوا ڕوونی بکاتەوە بۆ خەڵك و نەیشارێتەوە هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ

---

[١] زانکۆی شا عبد العزیز لە شاری جدده .

﴿أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ ﴿١٨٧﴾ ﴾[آل عمران].

واتە : خوای گەورە عەهد و پەیمانی وەرگرتووە لەوانەی کە کتێبیان پێدراوە کەوا روونی بکەنەوە بۆ خەڵك و نەیشارنەوە .

وە ئەم عەهد و پەیمانەی کە خوا وەریگرتووە ئەمە پەیماننامەیەك نىیە بنوسرێتەوە و خەڵك بیبینێت ، بەڵکو پەیماننامەیەکە بەو زانستەوە کە خوا داوێتی بە خاوەنەکەی پێی دەزانرێت ، جا ئەگەر خوا زانستی پێدا ئا ئەمە ئەو پەیماننامەیەیە کە خوا پەیمانی پێوەرگرتووە لە ئەم پیاوە یان لە ئەم ئافرەتە کە خوا زانستی پێداوە ، کەواتە پێویستە لەسەر هەرکەسێك علم و زانستی پێبێت ئەوە بگەیەنێت کە فێری بووە لە شەریعەتەکەی خوای بێکەم و کوڕی و پایەدار لە هەر شوێنێکدا بێت و لە هەر بۆنەیەکدا بێت .

برایان : بابەتی ئەم موحازەرەیەمان بریتییە لە : (زاد الداعية إلى الله عزَّ وجل / **تویٚشووی بانگخواز بۆ لای خوای گەورە**) ، وە توێشوو بۆ هەموو موسڵمانێك بریتییە لەوەی کە خوای گەورە لەم فەرمایشتەیدا روونی

کردووەتـــــەوە: ﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰۚ وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ١٩٧﴾ [البقرة] .

واتـە : توێشـوو کۆبکەنـەوە چـونکە بەڕاسـتی باشـترین توێشـوو تـەقوای خوایە ، وە لە من بترسن و تەقوای من بکەن ئەی کەسانی خاوەن ژیری .

توێشووی هەموو موسڵمانێك بریتی‌یە لە (تەقوای خوای گەورە) کە لە قورئاندا خوای گەورە چەندین جار باسی کردووە بە شێوەی فەرمان پێکردنی ، وە بە شێوەی ستایش کردنی ئەوانەی کە پێی هەڵدەستن و پاداشتەکەشی روون کردووەتەوە ، وە جگە لەوانەش لە شێوازەکانی وتە : ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغْفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ١٣٣ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ١٣٤ وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّواْ عَلَىٰ مَا فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ١٣٥ أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغْفِرَةٞ مِّن

رَّبِّهِمْ وَجَنَّٰتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿١٣٦﴾ [آل عمران] .

واتە : پەلە بکەن و دەستپێشخەری بکەن بۆ لێخۆشبوونێك لە لایەن پەروەردگارتانەوە و بۆ بەهەشتێك کە پانتاییەکەی وەکو پانتایی ئاسامانەکان و زەویە کە **ئامادەکراوە بۆ کەسانی لە خوا ترس و ئەهلی تەقوا** ﴿١٣٣﴾ ئەوانەی کە لە کاتەکانی خۆشی و ناخۆشیدا ماڵ و سامان دەبەخشن و تورەیی خۆیان دەخۆنەوە و لە خەڵکی دەبوورن ، خوایش کەسانی چاکەکاری خۆشدەوێت ﴿١٣٤﴾ وە ئەوانەی کە ئەگەر تاوانێکی ناشرینیان کرد یان ستەم و زوڵمیان لە خۆیان کرد خوایان بیردەکەوێتەوە و داوای لێخۆشبوون دەکەن بۆ تاوانەکانیان ، وە کێ هەیە لە تاوانەکان خۆشبێت جگە لە خوا ، وە ئەوانە بەردەوام و سوور نابن لەسەر کردەوە خراپەکانیان و دەیشزانن کەوا ئەو کردارانەیان خراپە و خوایش تەوبەی ئەو کەسانە قبوڵ دەکات کە تەوبە دەکەن ﴿١٣٥﴾ ئا ئەوانە پاداشتیان بریتی‌یە لە لێخۆشبوون لە لایەن پەروەردگاریانەوە وە باخانێك کەوا روباری ئاو بە ژێریاندا دەڕوات و بە

هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە و ئەوەیش باشترین پاداشتە بۆ ئەوانەی کەوا کردەوەیان کردووە بە پێی گوێڕایەڵی خوا .

برایانی بەڕێز : لەوانەیە بڵێن : ئایا (تەقوا) بریتی‌یە لە چی ؟

وەڵام : ئەوەیە کە لە (طلق)ی کوڕی (حبیب)ەوە ڕەحمەتی خوای لێبێت بۆمانی دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : (التقوى : أنْ تعملَ بطاعةِ الله ، على نورٍ من الله ، ترجو ثوابَ الله ، وأنْ تتركَ معصيةَ الله ، على نورٍ من الله ، تَخافُ عقابَ الله) .

واتە : (تەقوا : بریتی‌یە لە : کردەوە کردن بە گوێڕایەڵی کردنی خوا ، بە پێی ڕووناکییەك لە خواوە ، بە ئومێدی پاداشتی خوا ، وە وازبێنیت لە سەرپێچی کردنی خوا ، بە پێی ڕووناکییەك لە خواوە ، لە ترسی سزا و تۆڵەی خوا) .

لەم دەستەواژەیانەدا : زانست و کردەوە و چاوەڕوان کردنی پاداشت و ترسان لە سزا و تۆڵەی کۆکردووەتەوە ، ئا ئەمە بریتی‌یە لە : (تەقوا) .

وە ئێمە هەموومان دەزانین کەوا بانگخواز بۆ لای خوای گەورە لە پێشترین کەسە کەوا خۆی برازێنێتەوە بەم ڕەوشتە کە تەقوای خوایە لە پەنهانی و ئاشکرایشدا .

وە من لەم جێگایەدا بە یارمەتی خوای گەورە ئەوە باس دەکەم کە پەیوەندی هەیە بە بانگخوازەوە و ئەوەی کە پێویستە بیکات بە توێشووی خۆی :

❁ ❁ ❁

# تویشووی یەکەم

## پێویستە بانگخواز زانستی پێ بێت سەبارەت بەوەی کە بانگەوازی بۆ لا دەکات :

پێویستە بانگخواز لەسەر زانستێکی ڕاست بێت کە جێگیر بێت لەسەر کتێبەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ، چونکە هەر زانستێك وەربگیرێت لە جگە لەم دوو سەرچاوەیەوە ئەوا پێویستە سەرەتا نمایش بکرێتە سەر هەردووکیان ، جا ئەو کاتە یان گونجاو یان پێچەوانەیان دەبێت ، وە ئەگەر گونجاو بوو ئەوا وەردەگیرێت ، وە ئەگەریش پێچەوانەیان بوو ئەوا پێویستە ڕەدبکرێتەوە بە سەر خاوەنەکەیدا هەرکەسێك بێت ، لە (ابن عباس)ەوە (رضي الله عنهما) سەلمێنراوە کە فەرموویەتی : ((يُوْشِكُ أَن تنزل عليكم حجارة من السماء أقول : قال رسول الله (ﷺ) ، وتقولون : قال أبوبكر وعمر)) .

واتە : نزیکە کەوا لە ئاسمانەوە بەرد داباریتە سەرتان چونکە من دەڵێم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی ، وە ئێوەیش دەڵێن : ئەبوبەکر و عومەر فەرموویانە .

ئەگەر ئەمە سەبارەت بە وتەی ئەبوبەکر و عومەر بێت کە بەرهەڵستی وتەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) پێ بکرێت ئەی ئەبێت بۆچونتان چۆن بێت سەبارەت بە وتەی کەسانێك کە لە خوار پلەی ئەوانەوە بن لە زانست و تەقوا

و هـاوەڵێتی و جێنیشـێنێتیدا ؟ کەواتـە ڕەدکردنـەوەی وتـەی ئەمـەیان لـە پێشترە ئەگەر پێچەوانەی کتێبەکەی خـوا و سـوننەتی پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) بێت ، ئەوەتا خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾ [النور] .

واتە : با ئەو کەسانە وریا و ئاگادار بن کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەری خوا دەکەن کەوا توشی فیتنە ببن یان توشی سزایەکی بە ئیش و ئازار ببن .

ئیمامی ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : ئایا دەزانیت فیتنە چـیـە ؟ فیتنـە بـریتـیـە لـە : شـیرك ، لەوانەیـە ئەگـەر هەنـدێك لـە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕەدبکاتەوە ئەوا شتێك لە لاڕێبـوون بکەوێتـە ناو دڵیەوە و تیابچێت .

بەڕاستی یەکەمین تویێشـووێك کـە بـانگخواز بـۆ لای خـوای گـەورە بیکاتـە تویێشووی خۆی ئەوەیە کەوا : لەسەر زانست و علمێك بێت کە وەرگـیراو بێـت لە کتێبەکەی خوا و فەرموودە صـەحیحە وەرگیراوەکـانی پێغەمبەرەکەیـەوە (ﷺ) ، ئـەگینا بانگـەوازکردن بـە بـێ علـم و زانسـت بەڕاسـتی بانگەوازکردنـە لەسەر نەزانی کە زەرەر و زیانەکانی گەورەترە لە سوودەکانی ، چـونکە ئـەو

وەکو ڕێنماییکار و ڕێپیشاندەر خۆی داناوە جا ئەگەر کەسێکی نەزان بێت ئەوا بەو کارەی دەبێتە کەسێکی گومڕاو و گومڕاکار خوا پەنا بدات .

وە ئەم جەهل و نەزانیەی بریتی‌یە لە : نەزانی تێکەڵ و پێکەڵ (الجهل المرکب) ، وە نەزانی تێکەڵ و پێکەڵیش خراپترە لە نەزانی سادە (الجهل البسیط) چونکە نەزانی سادە خاوەنەکەی دەگرێتەوە و قسە ناکات و دەتوانرێت بە فێرکردن لابرێت ، بەڵام گرفت ـ هەموو گرفتێك ـ لە حاڵی کەسی نەزانی تێکەڵ و پێکەڵ دایە چونکە بەڕاستی ئەم نەزانە تێکەڵ و پێکەڵە بێدەنگ نابێت و بەڵکو قسە دەکات ئەگەر چی بە نەزانیشەوە بێت و لەو کاتەیشدا دەبێتە

کەسێکی تێکدەر زیاتر لەوەی کە ببێتە ڕێروناك کەر .

برایان : بەڕاستی بانگەوازکردن بۆلای خوا بە بێ علم و زانست پێچەوانەی ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) و شوێنکەوتوانی لەسەری بوون ، گوێبگرن بۆ فەرمایشتی خوای گەورە کە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی (مُحَمَّد ﷺ) کە دەفەرموویت : ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٠٨ ﴾ [یوسف] .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا بڵێ ئەمە ڕێگاکەی منە بانگەواز دەکەم بۆلای خوا لەسەر بەرچاوڕۆشنی من و ئەوانەیش کە شوێنکەوتەی منن ، وە پاکی و بێگەردی بۆ خوا لە هەموو کەم و کوڕیەك و من لە کەسانی موشریك و هاوەڵبڕیاردەر نیم .

فەرموویەتی : بانگەواز دەکەم بۆلای خوا لەسەر بەرچاوڕۆشنی من و ئەوانەیش کە شوێنکەوتەی منن ، واتە ئەوانەی کە شوێنکەوتەی پێغەمبەرن (ﷺ) ، کەواتە پێویستە بانگەواز بکات بۆلای خوا لەسەر بەرچاوڕۆشنی نەك لەسەر جەهل و نەزانی .

ئەی کەسی بانگخواز بۆلای خوا تێڕامێنێ لە فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ ﴾ (لەسەر بەرچاوڕۆشنی) واتە : لەسەر بەرچاوڕۆشنی بوون لە سێ شتدا :

١ ـ **لەسەر بەرچاوڕۆشنی بێت سەبارەت بەوەی کە بانگەوازی بۆ دەکات** : بەوەی کەوا زانا بێت بە حوکمی شەرعی ئەو شتەی بانگەوازی بۆ دەکات چونکە لەوانەیە بانگەواز بکات بۆ شتێك واگومان ببات کە واجبە بەڵام ئەو شتە لە شەرعی خوادا واجب نەبێت و بەوەیش بەندەکانی خوا وابەستە

بکات بە شتێکەوە کە خوا پێویستی نەکردبێت لەسەریان ، وە لەوانەیە بانگەواز بکات بۆ وازهێنان لە شتێك واگومان ببات کە حەرامە بەڵام ئەو شتە لە دینی خوادا حەرام نەبێت و بەوەیش شتێك لە بەندەکانی خوا حەرام بکات کە خوا حەڵاڵی کردووە بۆیان .

٢ ـ **وە لەسەر بەرچاوڕۆشنی بێت سەبارەت بە حاڵی ئەو کەسەی کە بانگەوازی دەکات** : لەبەر ئەمە کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) (مُعاذ)ی نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو : ((إِنَّكَ سَتَأْتِي قَوْمًا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ))(٢) واتە : تۆ دەڕۆیت بۆ لای خەڵکانێك کە لە ئەهلی کیتابن [واتە : جوولەکە و گاورن] بۆ ئەوەی حاڵیان بزانێت و خۆی ئامادە بکات بۆیان ، کەواتە پێویستە حاڵی ئەو کەسەی کە بانگەوازی دەکەیت بزانیت : ئایا ئاستی علمی و زانستی چەندێکە ؟ وە ئایا ئاستی موجادەلەکردن و تاوتوێکردنی بابەتەکانی چەندێکە ؟ تاوەکو خۆتی بۆ ئامادە بکەیت بۆ ئەوەی گفتوگۆ و موجادەلە بکەیت لەگەڵیدا ، چونکە ئەگەر تۆ لەگەڵ نمونەی کەسێکی لەم شێوەیە بڕۆیتە ناو گفتوگۆ و موجادەلەوە و ئەویش زاڵ ببێت بەسەر تۆدا لەبەر بە هێزبوونی لە بواری گفتوگۆ و موجادەلەدا ئەوا ئەمە دەبێتە شکستێکی

(٢) أخرجه البخاري كتاب الزكاة باب أخذ الصدقة من الأغنياء وترد إلى الفقراء حيث كانوا : (١٤٩٦) ، ومسلم كتاب الإيمان باب الدعاء إلى الشهادتين وشرائع الإسلام : (٣١) (١٩) .

گەورە بۆ حەق و تۆیش هۆکاریت ، وە واگومان نەبەیت کەوا هەڵگری باتڵ لە هەموو حاڵەتێکدا شکست دەخوات چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّكُمْ تَخْتَصِمُونَ إِلَيَّ ، وَلَعَلَّ بَعْضَكُمْ أَنْ يَكُونَ أَلْحَنَ بِحُجَّتِهِ مِنْ بَعْضٍ ، فَأَقْضِي لَهُ بِنَحْوِ مِمَّا أَسْمَعُ))[٣].

واتە : ئێوە کە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانتانەوە دێن بۆ لای من ، وە لەوانەیە هەندێکتان زمان زانتر بێت لە دەربڕینی بەڵگەکەی لە هەندێکی تر ، منیش بە پێی ئەوەی کە دەیبیسم بڕیار دەدەم و کێشەکە یەکلادەکەمەوە .

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا کەسی بەرهەڵستکار ئەگەر چی لەسەر باتڵیش بێت جاری وا هەیە لەوانەیە زمان زانتر بێت لە ئەوەی تر لە دەربڕینی بەڵگەکەی و قازی و دادوەریش بە پێی ئەوەی کە ئەم بەرهەڵستکارە وتویەتی بڕیار دەدات ، بۆیە پێویستە تۆی بانگخواز زانابیت بە حاڵی ئەو کەسەی کە بانگەوازی دەکەیت .

---

[٣] أخرجه البخاري كتاب الشهادات باب من أقام البينة بعد اليمين : (٢٦٨٠) ، وكتاب الحيل باب : (٦٩٦٧) ، وكتاب الأحكام باب موعظة الإمام للحضرم : (٧١٦٩) ، ومسلم كتاب الأقضية باب بيان أن حكم الحاكم لا يغير الباطن : (١٧١٣) .

٣ ـ وە لەسەر بەرچاوڕۆشنی بێت سەبارەت بە چۆنێتی بانگەوازکردن :

خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ ﴿١٢٥﴾ ﴾ [النحل] .

واتە : بانگـەواز بۆ لای ڕێگـای خوا بکە بە دانایی و ئامۆژگـاری چـاك و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکە بەوەی کە چاکترە .

هەندێك لە خەڵك هەندێك جار خراپەیەك دەبینێت و ئـەویش هەڵدەکوتێتـە سەری و بیرناکاتەوە لەو پاشهاتانەی کە دەبێتە دەرئەنجامی ئەو کارەی نەك تـەنها بـە نیسـبەت خۆیـەوە بـە تـەنها بـەڵکو بـە نیسـبەت خـۆی و هاوێنەکانیشیەوە لە بانگخوازان بۆلای حـەق ، لەبـەر ئەمـە پێویسـتە لەسـەر بـانگخواز پـێش ئـەوەی کـە جووڵـە و دەستپێشـخەری بکـات سـەیری دەرئەنجامەکان بکات و بەراود و پێوانەی شتەکان بکات ، لەوانەیە لەو سـاتە وەختەدا ئەوەی کە دەیکات گڕی غیرەتی دامرکێنێتەوە بەڵام ئەو کردارە لـە داهاتوودا گڕی غیرەتی خۆی و جگە لە خۆیشی دادەمرکێنێتەوە و لەوانەشـە لە داهاتوویەکی نزیکدا بێت نەك دوور ، لەبەر ئەمـە هـانی برایـانی بـانگخوازم دەدەم لەسەر بەکارهێنانی حیکمەت و دانـایی و هـێمنی و لەسـەرخۆیی ، وە

ئەو شتە ئەگەر چی کەمێکیش دوا بکەوێت بەڵام بە ویستی خوای گەورە دەرئەنجامەکەی باش دەبێت .

جا ئەگەر ئەمە مەبەستم خۆپڕکردنی بانگخوازە بە زانستێکی ڕاستی بنیاتنراو لەسەر کتێبەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بریتی بێت لە واتای خوازراوی دەقە شەرعیەکان ئەوا بە هەمان شێوە واتای خوازراوی عەقڵی روونیشە کەوا شوبوهات (گومان) و شەهەواتیشی تێدا نی‌یە ، چونکە تۆ چۆن بانگەواز دەکەیت بۆلای خوای گەورە و لە هەمان کاتیشدا ئەو ڕێگایە نازانیت کە دەتگەیەنێت پێ‌ی ؟ کە شەریعەتەکەی نازانیت چۆن دروستە ببیت بە بانگخواز ؟!

کەواتە ئەگەر مرۆڤ خاوەنی علم و زانست نەبوو ئەوا بەڕاستی لە پێشتر بۆی ئەوەیە کەوا سەرەتا خۆی فێر بکات ئەنجا دواتر بانگەواز بکات ، لەوانەیە کەسێك بڵێت : ئایا ئەم قسەیەت بەرهەڵست نی‌یە لەگەڵ ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ) : ((بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً))[٤] واتە : ئەو دینە لە منەوە بگەیەنن ئەگەر چی ئایەتێکیش بێت .

---

[٤] أخرجه البخاري كتاب أحاديث الأنبياء باب ما ذكر عن بني إسرائيل : (٣٤٦١) .

وەلامەکە : نەخێر ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((بَلِّغُوا عَنِّي)) واتە : "ئەو دینە لە منەوە بگەیەنن" کەواتە پێویستە ئەوەی کە ئێمە دەیگەیەنین لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەرچووبێت و ئێمەیش ئەمەمان دەوێت ، وە ئێمە کاتێك کە دەڵێین : بانگخواز پێویستی بە علم و زانست هەیە ناڵێین : پێویستە گەیشتبێتە قۆناغێکی باش لە علم و زانست ، بەڵکو ئێمە دەڵێین : نابێت دەعوە و بانگەواز بکات ئیللا تەنها بەوە نەبێت کە دەیزانێت و قسە نەکات بە شتێك کە نایزانێت .

# تویشووی دووەم

## پێویستە بانگخواز خۆڕاگر و بە صەبر بێت لەسەر دەعوە و بانگەواز کردنەکەی :

خۆڕاگر و بە صەبر بێت لەسەر ئەوەی کە بانگەوازی بۆلا دەکات ، خۆڕاگر و بە صەبر بێت لەسەر ئەوەی کە دێتە ڕێی لە ئەزێت و ناڕەحەتی .

پێویستە خۆڕاگر و بە صەبر بێت لەسەر دەعوە و بانگەواز کردن و بەردەوام بێت لەسەری و لێی دانەبڕێت و کول و بێزار نەبێت بەڵکو بەردەوام بێت لە بانگەواز کردنی بۆلای خوا بە ئەندازەی ئەوەی کە لە توانادایە و لەو بوارانەیشدا کەوا بانگەواز کردن تێیدا بە سوود تر و لەپێشتر و کاریگەرترە ، وە با صەبری هەبێت لەسەر دەعوە و بانگەوازکردن و کول و بێزار نەبێت چونکە بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ کولبوون و بێزاری رووی تێکرد بێتاقەت دەبێت و وازدەهێنێت ، بەڵام ئەگەر خۆڕاگر و بەردەوام بوو لەسەر دەعوە و بانگەوازکردنەکەی ئەوا پاداشتی کەسانی بەصەبر و خۆڕاگری دەستدەکەوێت لە لایەکەوە و دەرئەنجامیش بۆ ئەو دەبێت لە لایەکی ترەوە ، وە گوێ بگرە بۆ ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە کە لەگەڵ

پێغەمبەرەکەیدا دەدوێت : ﴿ تِلْكَ مِنْ أَنبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا فَٱصْبِرْ إِنَّ ٱلْعَٰقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٤٩﴾ ﴾ [هود] .

واتە : ئەو بەسەرهاتانەی کە بۆتی دەگێڕینەوە لە هەواڵەکانی پەنهانی و غەیبە و بە وەحیی بۆ تۆی دەنێرین پێشتر لە پێش ئەم قورئانە تۆ و قەومەکەتیش ئەوانەتان نەدەزانی بۆیە بە صەبر و خۆڕاگر بە چونکە بەڕاستی دەرئەنجام بۆ کەسانی لە خوا ترس و خاوەن تەقوایە .

وە پێویستە مرۆڤ بە صەبر و خۆڕاگر بێت لەسەر ئەوەی کە دێتە ڕێی دەعوە و بانگەوازەکەی لە بەرهەڵستیەکان و موجادەلات و شەڕەقسەکان چونکە هەموو مرۆڤێك هەستا بە کاری بانگخوازی بۆلای خوای گەورە ئەوا بەدڵنیایی بەرهەڵستی دەکرێت ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ ٱلْمُجْرِمِينَ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا ﴿٣١﴾ ﴾ [الفرقان] .

واتە : بەو شێوەیە بۆ هەموو پێغەمبەرێك هەندێك دووژمنمان بۆ داناون لە کەسانی تاوانکار ، وە بەسە پەروەردگارت ڕێنماییکار و سەرخەرتبێت .

کەواتە هەموو بانگەوازێکی حەق و ڕاست دەبێت بەرهەڵستکاری هەبێت ، دەبێت ڕێگری هەبێت و کەسانێك هەبن کەوا موجادەلە و شەڕەقسەی تێدا

بکەن و گومانی لەسەر پەیدا بکەن ، بەڵام پێویستە لەسەر بانگخواز کەوا بە صەبر و خۆڕاگر بێت لەسەر ئەوەی کە دێتە ڕێی دەعوە و بانگەوازەکەی تەنانەت ئەگەر ئەو دەعوە و بانگەوازەیشی وەسف بکەن بەوەی کە هەڵەیە یان باتڵ و پووچەڵە لە کاتێکدا کە ئەو دەزانێت ئەو دەعوە و بانگەوازەی داواکراوی کتێبەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ) با خۆڕاگر و بە صەبر بێت لەسەر ئەوە .

بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کەوا مرۆڤ سووربێت لەسەر قسەی خۆی و ئەوەی کە بانگەوازی بۆلا دەکات ئەگەر چی حەقیشی بۆ روون ببێتەوە ، چونکە بەڕاستی ئەو کەسەی کە سوورە لەسەر ئەوەی کە بانگەوازی بۆلا دەکات ئەگەر چی حەقیشی بۆ روون ببێتەوە وەکو ئەو کەسانە وایە کە خوای گەورە لە بارەیانەوە فەرموویەتی : ﴿يُجَٰدِلُونَكَ فِي ٱلۡحَقِّ بَعۡدَ مَا تَبَيَّنَ ٦﴾ [الأنفال] .

واتە : ئەوانە دەمەدەمێ و شەڕەقسەت لەگەڵدا دەکەن سەبارەت بە حەق لە پاش ئەوەی کە بۆیان روون بوەتەوە .

وە دەمەدەمێ و شەڕەقسە لە ئاست حەق و ڕاستیدا پاش ئەوەی کە روون دەبێتەوە سیفەتێکی زەمکراوە ، ئەوەتا خوای گەورە لە بارەی ئەو

کەسانەوە کە ئەو سیفەتەیان تێدایە فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾ ﴾ [النساء] .

واتە : هەرکەسێك سەرپێچی پێغەمبەر (ﷺ) بکات و پشتی لێ هەڵکات و بەرهەڵستی بکات لە پاش ئەوەی ڕێگای ڕاستی هیدایەتی بۆ ڕوون بووبێتەوە ، وە شوێنی ڕێگا و بەرنامەی جگە لە باوەڕداران (پێشینە چاکەکان) بکەوێت ئەوا ئێمە لە دونیادا ڕووی وەردەگێڕین بۆ لای ئەوەی کە ئەو ڕووی لێ کردووە و لە قیامەتیشدا دەیخەینە ناو دۆزەخەوە کە خراپترین سەرەنجامە بۆیان .

کەواتە ئەی بانگخواز ئەوەی کە بەرهەڵستی دەعوە و بانگەوازەکەتی پێ دەکرێت ئەگەر حەق بوو ئەوا پێویستە لەسەرت کەوا بگەڕێیتەوە سەری ، وە ئەگەریش باتڵ و ناحەق بوو ئەوا با نەتگێڕێتەوە لە بڕیاردانت لەسەر بەرەو پێشچوونت لە دەعوە و بانگەوازەکەتدا .

هەروەها پێویستە لەسەر بانگخواز خۆڕاگر و بە صەبر بێت لەسەر ئەوەی کە دێتە ڕێی لە ئەزێت و ناڕەحەتی ، چونکە بانگخواز بە دڵنیایی ئەزێت دەدرێت یان بە قسە یان بە کردەوە ، ئا ئەوە پێغەمبەرانە صەڵەوات

و سەلامی خوایان لەسەر بێت بە قسە و بە کردەوەیش ئەزێتدراون ، ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە بخوێنەوە : ﴿كَذَٰلِكَ مَآ أَتَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا قَالُوا۟ سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ ﴿٥٢﴾﴾ [الذاريات] .

واتە : بەو شێوەیە هیچ پێغەمبەریك لە پێش تۆ نەهاتووە ئیللا وتویانە : یان ساحیر و جادووبازە یان شێتە .

ڕات چییە سەبارەت بە کەسێك کە لە لایەن پەروەدگاریەوە وەحیی بۆ دێت کە چی لە روویدا دەوترێت : تۆ ساحیر و جادووبازیت یان شێتیت ؟

بێگومان ئەزێت دەبینێت ، لەگەڵ ئەوەیشدا پێغەمبەران صەبریان هەبووە لە بەرامبەر ئەو ئەزێتانەی کە بە قسە و بە کردەوەیش رووبەروویان بووەتەوە ، سەیری یەکەمین پێغەمبەر (نوح عليه الصلاة والسلام) بکە لە کاتێکدا کە کەشتیەکەی دروست دەکرد قەوم و گەلەکەی بەلایدا تێدەپەڕین و گاڵتەیان پێی دەکرد و ئەویش پێیانی دەوت : ﴿إِن تَسْخَرُوا۟ مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ ﴿٣٨﴾ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٣٩﴾﴾ [هود] .

واتە : ئەگەر ئێوە گاڵتەمان پێ بکەن ئەوا ئێمەیش گاڵتەتان پێ دەکەین وەکو چۆن ئێوە گاڵتە دەکەن ﴿٣٨﴾ ئەنجا لە داهاتوودا دەزانن کێ سزایەکی بە سەردا دێت کە ڕیسوای بکات و سزای هەمیشەیی دەیگرێتەوە .

وە حاڵی ئەوان تەنها بە گاڵتە پێ کردنیەوە نەوەستان و بەڵکو هەڕەشەشیان لێی کرد بە کوشتنی : ﴿ قَالُواْ لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَٰنُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمَرۡجُومِينَ ﴿١١٦﴾ ﴾ [الشعراء] .

واتە : وتیان : ئەی نوح ئەگەر وازنەهێنیت لەم بانگەوازەت ئەوا تۆ یەکێك دەبیت لەو کەسانەی کە بەردباران دەکرێن .

واتە : یەکێك دەبیت لەو کەسانەی کە بە بەردباران کردن دەکوژرێن ، لێرەدا هەڕەشەی لێکرا بە کوشتن لەگەڵ هەڕەشەی ئەوەی کەوا ئێمە جگە لە تۆیش کەسانێکی ترمان بەردباران کردووە بە مەبەستی دەرخستنی باڵادەستیان و دەرخستنی ئەوەی کەوا ئەوان کەسانێکی تریشیان بەردباران کردووە و تۆیش یەکێك دەبیت لەو کەسانە ، بەڵام ئەمە پێغەمبەر (نوح)ی (علیه الصلاة والسلام) نەگێڕایەوە لە دەعوە و بانگەوازەکەی بەڵکو بەردەوام بوو تاوەکو خوای گەورە نێوان ئەو و قەومەکەیی یەکلاکردەوە .

وە ئەمەیش پێغەمبەر (إبراهیم)ـە (علیه الصلاة والسلام) کە قەومەکەی ڕووبەڕووی بوونەوە بە ڕەدکرنەوەی و بەڵکو بە ناو خەڵکدا هێنایان بۆ ئەوەی لەکەداری بکەن : ﴿ قَالُواْ فَأۡتُواْ بِهِۦ عَلَىٰٓ أَعۡيُنِ ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَشۡهَدُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ [الأنبياء] .

واتە : وتیان : بە پێش چاوی خەڵکەوە بیهێنن بۆ ئەوەی خەڵك ئامادەی سزادانی ببن و ببینن چی بەسەر دێنین .

ئەنجا هەڕەشەیان لێ کرد بە سووتاندن : ﴿ قَالُواْ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمۡ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ ﴿٦٨﴾ ﴾ [الأنبياء] .

واتە : وتیان : بیسووتێنن و خواکانتان و پەرستراوەکانتان سەربخەن ئەگەر دەتوانن سەریان بخەن و وازنەهێنن لە پەرستنیان .

ئەوە بوو ئاگرێکی گەورەیان کردەوە و (إبراهیم)یان بە مەنجەنیق فڕێدایە ناویەوە لەبەر دووریان لە ئاگرەکەوە چونکە زۆر گەرم بوو ، بەڵام پەروەردگاری باڵادەست و خاوەن گەورەیی فەرمووی : ﴿ قُلۡنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرۡدٗا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ ﴾ [الأنبياء] .

واتە : وتمان : ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە لەسەر (إبراهيم) .

ئەوە بوو ئاگرەکە سارد و سەلامەت بوو لەسەری و ڕزگاری بوو لێی ، دەرئەنجامیش بۆ (إبراهيم) بوو : ﴿وَأَرَادُواْ بِهِۦ كَيۡدٗا فَجَعَلۡنَٰهُمُ ٱلۡأَخۡسَرِينَ ٧٠﴾ [الأنبياء] .

واتە : ئەوان ویستیان زیانی پێبگەیەنن و لە ناوی بەرن بەڵام ئێمە ئەوانمان دۆڕاو و ژێرکەوتو و خەسارۆمەند کرد .

وە ئەمەیش پێغەمبەر (موسى)یە (عليه الصلاة والسلام) فیرعەون هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە و وتویەتی : ﴿ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ وَلۡيَدۡعُ رَبَّهُۥٓۖ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ أَوۡ أَن يُظۡهِرَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡفَسَادَ ٢٦﴾ [غافر] .

واتە : وازم لێبێنن با (موسى) بکوژم و ئەویش بڕوات لە خواکەی بپاڕێتەوە ، بەڕاستی من دەترسم (موسى) دینەکەتان لێ بگۆڕێت یان فەساد و گەندەڵکاری لە زەویدا بەرپابکات .

هەڕەشەی کوشتنی لێی کرد ، بەڵام لە کۆتاییدا دەرئەنجام بۆ (موسى) بوو (عليه الصلاة والسلام) : ﴿وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ ٤٥﴾ [غافر] .

واتە : خراپترین سزا هات بەسەر فیرعەون و داروودەستەکەیەدا کە بریتی بوو لە خنکان لە ناو دەریادا لە دونیادا و ئاگری دۆزەخیش لە قیامەتدا .

وە ئەمەیش پێغەمبەر (عیسی)یە (علیه الصلاة والسلام) کە چەنێك ئەزیێتدرا تا ئەو ئاستەی کە جوولەکە تۆمەتباریان کرد بەوەی کە کوڕی زینایە ، وە بە بۆچوونی خراپی خۆیان وادەزانن کوشتویانە و لە خاچیانداوە ، بەڵام خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينَۢا ۝١٥٧ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيۡهِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا ۝١٥٨﴾ [النساء] .

واتە : وە ئەوان نەیانکوشتوە و لە خاچیشیان نەداوە بەڵکو لێیان تێکدراوە و چەواشەکراون و کەسێکی تریان کوشتوە و لە خاچداوە ، وە بەڕاستی ئەوانەی کە جیاوازیان لە نێواندا هەیە سەبارەت بە ئەو لە گوماندان و هیچ علم و زانستێکیان پێ نییە لە بارەیەوە تەنها شوێنکەوتنی گومان نەبێت و بەدڵنیایی نەیانکوشتوە ﴿١٥٧﴾ بەڵکو خوا بەرزی کردووەتەوە بۆلای خۆی ، وە خوا باڵادەست و دانایە .

بەوەش خوا ڕزگاری کرد لێیان .

وە ئەمەیش کۆتاپێهێنەری پێغەمبەران و پێشەوایان و سەروەری نەوەکانی ئادەمە (مُحَمَّد ﷺ) ، خوای گەورە لە بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ ۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَـٰكِرِينَ ﴿٣٠﴾ ﴾ [الأنفال] .

واتە : ئەوانەی وا کوفریان کردووە پلانت بۆ دادەڕێژن بۆ ئەوەی بەندت بکەن یان بتکوژن یان دەربەدەرت بکەن ، ئەوان پلان دادەڕێژن و خوایش پلان دادەڕێژێت و خوایش باشترینی پلان داڕێژەرەکانە .

﴿ وَقَالُوا۟ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِى نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ ﴿٦﴾ ﴾ [الحجر] .

واتە : موشریك و بێباوەڕەکان وتیان : ئەی ئەو کەسەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە قورئانت بەسەردا دابەزیوە بەڕاستی تۆ شێتیت .

﴿ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓا۟ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍۭ ﴿٣٦﴾ ﴾ [الصافات] .

واتە : وە ئەوان دەڵێن : ئایا ئێمە لەبەر شاعیرێکی شێت وازبێنین لە خواکانی خۆمان .

هەندە ئەزێتی وتەیی و کردەییان لێ بەدیکرا کە بە لای زانایانی مێژووەوە زانراوە کە چی لەگەڵ ئەوەیشدا صەبر و ئارامی گرت و دەرئەنجامیش بۆ ئەو بوو .

کەواتە هەموو بانگخوازێك دەبێت ئەزێتی پێبگات بەڵام پێویستە لەسەری صەبر بگرێت ، لەبەر ئەمە کاتێك کە خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەیی (ﷺ) فەرموو : ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ تَنزِيلٗا ٢٣﴾ [الإنسان] واتە : بەڕاستی ئێمە قورئانمان دابەزاندووەتە سەر تۆ ، پێشبینی ئەوە دەکرا کە خوای گەورە بیفەرموبایەت : بۆیە شوکری نیعمەتەکانی بکە لەسەر دابەزاندنی ئەم قورئانە بەڵام خوای گەورە پێی فەرموو : ﴿فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ ٢٤﴾ [الإنسان] واتە : بە صەبر بە و ئارام بگرە لەبەرامبەر قەدەر و بڕیاری پەروەردگارتدا ، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەوا هەرکەسێك هەستێت بە پەیڕەوکردنی ئەم قورئانە ئەوا دەبێت شتانێکی تووش ببێت کە پێویستی بە صەبرێکی گەورە هەیە .

کەواتە پێویستە لەسەر بانگخواز کەوا زۆر بە صەبر و خۆڕاگر بێت و بەردەوام بێت لەسەر بانگەواز کردن تاوەکو خوای گەورە سەری دەخات ، وە مەرج و پێویستیش نیە خوا لە ژیانی خۆیدا سەری بخات ، بەڵکو گرنگ

ئەوەیە کە دەعوە و بانگەوازەکەی لە ناو خەڵکدا پاك و روون بێت و خەڵك شوێنی کەوتبێت ، گرنگ کەسەکە نییە بەڵکو گرنگ دەعوە و بانگەوازەکەیە ئەگەر دەعوە و بانگەوازەکەی بمێنێت ئەگەر چی لە پاش مردنیشی بێت ئەوا زیندووە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ ﴿١٢٢﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : ئایا ئەو کەسەی کە دڵی مردوو بوو بەوەی کە لە ناو کوفر و گومڕایی و پەرێشانیدا بوو و ئێمە دڵیمان بە ئیمان و هیدایەتدان زیندوو کردەوە و نور و روناکیەکمان (کە قورئانە) پێداوە کە لە ناو خەڵکدا پێی ڕێدەکات و بە هۆیەوە بەرچاوی ڕۆشنە ئایا ئەو کەسە نموونەی وەکو ئەو کەسە وایە لە ناو تاریکایەکاندایە و ناتوانێت خۆیی لێدەرباز بکات .

لەڕاستیدا ژیانی بانگخواز واتاکەی ئەوە نییە کەوا تەنها روح و گیانی لە ناو لەشیدا بمێنێتەوە بەڵکو ئەوەیە کە وتە و بانگەوازەکەی لە ناو خەڵکدا زیندوو بێت ، سەیری چیرۆك و بەسەرهاتی (أبو سفيان) بکە لەگەڵ (هرقل)دا کە پێشتر دەرکەوتنی پێغەمبەری (ﷺ) بیستبوو بانگی (أبو سفيان)ی کرد و پرسیاری لێی کرد سەبارەت بە پێغەمبەر (ﷺ) ، سەبارەت بە خوودی خۆی

و ڕەچــەڵەکی و ئــەوەی کــە بانگــەوازی بــۆلا دەکــات و ســەبارەت بــە هاوەڵەکانیشی ، جا کاتێك کە (أبو سفيان) هەواڵی پێیدا سەبارەت بەوەی کە ئەو پرسیاری لـێی کرد (هرقل) وتی پــێی : (إِنْ يَكُنْ مَا تَقُولُ فِيهِ حَقًّا لَيَبْلُغَنَّ مُلْكُهُ مَا تَحْتَ قَدَمَيَّ)(٥) واتە : ئەگەر ئەوەی کە تۆ دەیڵێیـت ڕاسـت بێـت ئـەوا موڵك و دەسەڵاتی ئەو دەگاتە ئەم زەویـەی ژێـر هـەردوو پـێم ، (سُبْحَانَ اللَّه) کێ تەصەوری ئەوە دەکات کە پادشا و ئیمپراتۆرێك ـ وەکو دەڵێن ـ نموونەی ئەم قسـەیە بڵێـت سـەبارەت بـە (مُحَمَّد ﷺ) ؟! ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە ئـەو هێشتاکە دوورگەی عەرەبی ئازاد نەکردووە لە کۆیلایەتی شـەیتان و ئـارەزوو پەرستی ، کێ تەصەوری ئەوە دەکات کە نموونەی ئەم پیاوە نموونـەی ئـەم قسەیە بڵێت ؟

لەبەر ئەمە (أبو سفيان) لە پاش ئەوەی کە ڕۆیشتە دەرەوە بە قەومەکەیی وت : ((لَقَدْ أَمِرَ* أَمْرُ ابْنِ أَبِي كَبْشَةَ أَنَّهُ لَيَخَافُهُ مَلِكُ بَنِي الأَصْفَرِ)) واتە : بەڕاسـتی کاری (ابْنِ أَبِي كَبْشَةَ / کە مەبەستی پێغەمبەری خوایە ﷺ) هەندە گەورە بووە کە پادشای موو زەردەکان لـێی دەترسێت .

---

(5)أخرجه البخاري كتاب بدء الوحي باب كيف كان بدء الوحي إلى رسول الله (ﷺ) : (٧) .

* ("أَمِرَ" : يعني : عَظُمَ ، ومنه قوله تعالى : ﴿لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا إِمْرًا ۝٧١﴾ [الكهف] أي : عظيماً) .

ئەوەبوو ئەو زەویەی ژێر هەردوو پێی (هرقل)ی کەوتە ژێر دەسەڵاتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بە دەعوە و بانگەوازەکەی نەك بە خوودی خۆی ، چونکە دەعوە و بانگەوازەکەی گەیشتە سەر ئەو زەویە و بتەکان و شیرك و خاوەنەکانیشی ماڵی و لەناوبرد ، وە خەلیفە و جێنیشینە ژیروهۆشمەندەکانی لە پاش (مُحَمَّد ﷺ) گرتیانەدەست ، ئەوان گرتیانەدەست بە دەعوە و بانگەواز و شەریعەتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ، کەواتە پێویستە لەسەر بانگخواز صەبر و ئارام بگرێت و دەرئەنجام لە داهاتوودا بۆ ئەو دەبێت ئەگەر ڕاست بکات لەگەڵ خوادا چی لە ژیانیدا بێت یان لە پاش مردنیدا بێت .

﴿ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱسْتَعِينُوا۟ بِٱللَّهِ وَٱصْبِرُوٓا۟ ۖ إِنَّ ٱلْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٨﴾ ﴾ [الأعراف] .

واتە : (موسى) وتی بە قەومەکەی : پشت بە خوا ببەستن و داوای یارمەتی لێبکەن و صەبر و ئارام بگرن ، بەڕاستی خوا زەوی دەدات بە ئەوانەی کە خۆی ویستی لێی ببێت لە بەندەکانی ، وە دەرئەنجام بۆ کەسانی لە خوا ترس و ئەهلی تەقوایە .

وە خـــوای گـــەورە فەرموویـــەتی : ﴿ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٩٠ ﴾ [يوسف] .

واتە : بەڕاستی هەرکەسێك لە خوا بترسێت و صەبر و ئارام بگرێت ئەوا بەڕاستی خوا پاداشتی چاکەکاران ون ناکات .

# تویێشووی سێیەم

## بریتیه له : ( حیكمەت و دانـایی ) :

پێویسته بانگخواز به حیكمەت و داناییەوە بانگـەواز بكات بۆ لای خوا ، ـ ئای حیكمەت و دانـایی چـەند تاڵـە لەسـەر كەسـێك كـە خـاوەنی حیكمـەت و دانایی نەبێت ـ ، بانگـەواز كردن بۆ لای خوای گەورە دەبێت بـە حیكمەتـەوە بكرێت ، ئەنجا بـه ئامۆژگـاری چـاك ، ئـەنجا بـە گفتوگـۆ و موجادەلـە كـردن بەوەی كە چاكترە بۆ كەسانێك كە ستەمكار و زاڵم نین ، ئەنجا بـە گفتوگـۆ و موجادەلە كردن بەوەی چاكتر نـیـە بـۆ كەسـانی سـتەمكار و زاڵـم ، كەواتـە پلەكان چوارن ، خوای گەورە فەرموویـەتی : ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ ﴿١٢٥﴾ ﴾ [النحل] .

واتە : بانگـەواز بكـە بـۆ لای ڕێگـای خـوا بـە دانـایی و ئامۆژگـاری چـاك و گفتوگۆ و موجادەلەیان لەگەڵدا بكە بەوەی كە چاكترە .

وە خوای گەورە فەرموویـەتی : ﴿ وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ ﴿٤٦﴾ ﴾ [العنكبوت] .

واتە : گفتوگۆ و و موجادەلە مەکەن لەگەڵ ئەهلی کیتابدا (جوولەکە و گاورەکان) ئیللا بەوە نەبێت کە چاکترە مەگەر تەنها ئەوانەیان نەبێت کە ستەم و زوڵمیان کردووە .

دانایی و حیکمەت بریتی‌یە لە : گونجان و ڕێکوپێکی شتەکان بەوەی کەوا شتەکان لە پلە و پێگە و شوێنی خۆیاندا دابنرێن ، ئەوە لە دانایی و حیکمەت نی‌یە کەوا پەلە بکەیت و بتەوێت لە خەڵك لە ئەو حاڵەی کە لەسەریین هەڵگەڕێنەوە بۆ ئەو حاڵەی کە صەحابە لەسەری بوون لە نێوان ئێوارە و بەیانیانێکدا ، هەرکەسێك ئەمەی بوێت ئەوا ئەوە کەسێکی گێلە لە عەقڵیدا و دوورە لە حیکمەتەوە ، چونکە دانایی و حیکمەتی خوای گەورە ئەم شتە قبوڵ ناکات ، بەڵگە لەسەر ئەمە بۆ تۆ ئەوەیە کە (مُحَمَّد ﷺ) هەرچەندە پێغەمبەری خوا بوو ، وە کتێبەکەی خوای بەسەردا دادەبەزی ، پلە پلە شەرعی بەسەردا دابەزی تاوەکو جێگیر بوو لە ناو ناخ و دەرونەکاندا و کامڵ بوو ، لە کاتی (میعراج)دا نوێژ فەرزکرا لە پێش کۆچ کردن بۆ مەدینە بە سێ ساڵ وە وتراوە بە ساڵ و نیوێك وە وتراویشە بە پێنج ساڵ بە پێی ئەو ڕاجیایەی کە لە نێوان زانایاندا هەیە لەم بوارەدا .

وە لەگەڵ ئەوەشدا نوێژ بەو شێوازەی ئێستای فەرزنەکرا ، بەڵکو سەرەتا کە فەرزکرا دوو رکعات بوو بۆ نیوەڕۆ و عەسر و عیشا و بەیانی و مەغریبیش سێ رکعات بوو بۆ ئەوەی ببێت بە وتری ڕۆژ ، لە پاش کۆچ کردن بۆ مەدینە و لە پاش ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سیانزە ساڵی تێپەڕاند لە مەککە نوێژ لە شوێنی نیشتەجێبووندا زیادکرا بۆ چوار رکعات بۆ نیوەڕۆ و عەسر و عیشا و نوێژی بەیانی وەکو خۆی مایەوە چونکە قورئان خوێندنی تێدا درێژ دەکرێتەوە و مەغریبیش وەکو خۆی مایەوە بە سێ رکعات چونکە وتری ڕۆژە.

وە زەکاتیش لە ساڵی دووی کۆچیدا فەرزکرا یان لە مەککەدا بەڵام دیاری نەکرابوو لە بواری ئەندازەکانی و چەندی لێ‌دەدرێت ، وە پێغەمبەر (ﷺ) کارمەندەکانی نەنارد بۆ وەرگرتنی زەکات ئیللا لە ساڵی نۆی کۆچیدا نەبێت ، بۆیە پێشکەوتنی زەکات بە سێ قۆناغ بوو : لە مەککەدا : ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ ١٤١﴾ [الأنعام] واتە : وە حەق و مافی ئەو دانەوێڵانە بدەن لەو ڕۆژەدا کە دروێنەی دەکەن ، بەڵام واجبەکەی روون نەکردەوە و هەروەها ئەو ئەندازەیەیش کە واجب دەبێت لەوەدا روون نەکردەوە و بەڵکو ئەو کارەی ڕاسپاردەی خەڵك کرد ، وە لە ساڵی دووی کۆچیدا زەکات بە

ئەندازەکانیـەوە روونکرایـەوە ، وە لـە سـاڵی نـۆی کۆچـیدا پێغەمبـەر (ﷺ) کارمەندەکانی نارد بـۆ لای خـاوەن ئـاژەڵ و مـەڕوماڵات و بەروبوومـەکان بـۆ وەرگرتنی زەکاتەکەی لێیان .

تێڕامێنیۆ لە بە ئاگـابـوون لە حاڵەتەکانی خەڵك لە بواری شـەرع دانـانی خوای گەورەدا لە کاتێکدا کە خوا داناترینی هەموو داناکانە .

هەروەها لە ڕۆژوویشدا کە شاراوە نی‌یە لەسـەرمان ئـەویش لـە شـەرعیەت بوونیـدا پێشـکەوتن هـەبووە ، ئـەمیش لـە سـەرەتای فەرزبوونیـدا مرۆڤـ سەرپشك بوو لە نێوان ئەوەی کە بە ڕۆژوو بێـت یـان خـواردن بـدات ، ئـەنجا ڕۆژووگرتن دەستنیشانکرا و خواردن دانیش بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن بە ڕۆژوو بن بە شێوازێکی بەردەوام .

دەڵێم : دانایی و حیکمەت ڕێگرە لەوەی کـەوا جیهـان لـە نێـوان ئێـوارە و بەیانیانێکدا بگۆڕێت ، بۆیە پشوو درێژی پێویستە ، ئەو برایەت کە بانگەوازی دەکـەیت ئـەمرۆ چـی حـەقێکی پێیـە لـێی قبـوڵ بکـە و ئـەنجا وردە وردە لەگەڵیدا برۆ تـاوەکو لـە نـاو بـاتڵ دەری دەهێنیتـە دەرەوە ، وە بـا هـەموو خەڵکی بە لاتەوە یەکسان نەبێت ، چـونکە جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان کەسـی نەزان و کەسی ملهوڕ و یاخی .

لەوانەیە گونجاو بێت کە لێرەدا هەندێك نموونە بێنینەوە لە دەعوە و بانگەوازی پێغەمبەر (ﷺ) :

## نموونەی یەکەم :

پیاوێکی دەشتەکی هاتە ناو مزگەوتەوە لە کاتێکدا کە پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبوو لە ناو صەحابەکانیدا ئەوەبوو کە ئەو پیاوە دەشتەکیە لە بەشێکی مزگەوتەکەدا میزی کرد و خەڵکیش بە توندی هەڵکۆڵیان پێیدا بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ـ ئەو کەسەی کە خوای گەورە حیکمەتی پێداوە ـ ڕێگری ئەوەی لێکردن ، ئەوەبوو کاتێك کە میزەکەی تەواوکرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد سەتڵێك ئاو بکەن بەسەر میزەکەیدا و بەوەش مەفسەدە و زیانەکە نەما و پێغەمبەریش (ﷺ) بانگی پیاوە دەشتەکیەکەی کرد و پێی فەرموو : "بەڕاستی ئەم مزگەوتانە شیاو نیە بۆ هیچ شتێك لە پیسی ، بەڵکو بۆ نوێژ و قورئان خوێندنە"[٦] ـ یان بەو شێوازەی کە فەرموویەتی ـ ، ئەوەبوو ئەو پیاوە دەشتەکیە بە هۆی ئەم هەڵسوکەوتە چاکەوە سنگی کرایەوە ، لەبەر ئەمە بینیومە هەندێك لە زانایان ئەوەیان گواستوەتەوە کە

---

[٦] أخرجه البخاري كتاب الوضوء باب ترك النبي (ﷺ) والناس الأعرابي حتَّى فرغ من بوله في المسجد : (٢١٩) ، وكتاب الوضوء باب صب الماء على البول في المسجد : (٢٢١) ، وكتاب الأدب باب الرفق في الأمر كله : (٦٢٥) ، ومسلم كتاب الطهارة باب وجوب غسل البول وغيره من النجاسات : (٢٨٥) .

ئـەم پیـاوە دەشتـەکـیە وتویـەتی : ((اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي وَمُحَمَّدًا ، وَلاَ تَرْحَمْ مَعَنَا أَحَدًا)) .

واتـە : خوایـە ڕەحـم بە مـن و (مُحَمَّد) بکەیـت و ڕەحـم بـە هـیچ کەسێکی تـر نەکـەیت لەگەڵمانـدا ، چـونکە (مُحَمَّد ﷺ) بـەو مامەڵـە چـاکە مامەڵـە و هەڵسـوکەوتی لەگەڵـدا کـرد ، بـەڵام صـەحابەکان (رضي الله عنهم) هەولێیانـدا کـە ئـەو خراپەیە لابەرن بە بێ ئەوەی حیساب بکـەن بۆ حاڵی ئەم پیاوە نەزانە .

**نموونەی دووەم :**

(مُعَاوِيَة)ی کوڕی (الْحَكَم) (رضي الله عنه) هات لە کاتێکدا کـە پێغەمبـەر (ﷺ) نوێـژی دەکرد بە خەڵك ، ئەوەبوو پیاوێـك لـەو خەڵکـە پـژمی و وتـی : (الْحَمْدُ لِلَّهِ)* ، (مُعَاوِيَة)یـش بـەو پیـاوەی وت : (يَـرْحَمُـكَ اللَّهُ) ، ـ ئەمـەیـش قسـەکـردنـە لـەگـەڵ ئادەمیزادێکدا و نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە ـ ، ئـەوەبوو خـەڵکی چـاویان تـێبڕی و سەیریان دەکرد ، (مُعَاوِيَة)یش وتی : وای لەبار دایکتان بچن** بۆ وا

---

* هەرکەسێك لە ناو نوێدا پژمی ئەوا بڵێت (الْحَمْدُ لِلَّهِ) لە وەستاندا بوو یان لە رکوعدا یان لە سوجدەدا یەکسانە .

** ئەم وشەیە دەوترێت و واتاکەی مەبەست نییە ، وە پێغەمبەریش (ﷺ) ئەمەی بـە (مُعَاذ)ی کـوڕی (جَبَل) (رضي الله عنه) وتوە کاتێك کە فەرمووی : ((أَلاَ أُخْبِرُكَ بِمَلاَكِ ذَلِكَ كُلِّهِ ؟ قَالَ : قُلْتُ : بَلَى يَا نَبِيَّ اللَّهِ ، قَالَ : فَأَخَذَ بِلِسَانِهِ وَقَالَ : كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا ، فَقُلْتُ : يَا نَبِيَّ اللَّهِ وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ ؟ فَقَالَ : **ثَكِلَتْكَ**

**سەیرم دەکەن ؟! ئەنجا (مُعَاوِيَة) بەردەوام بوو لە نوێژەکەی و لە پاش ئەوەی کە نوێژەکەیی تەواوکرد پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کرد ، (مُعَاوِيَة) فەرموویەتی : سوێند بە خوا هیچ مامۆستایەکم نەبینیوە کە لە پێغەمبەر باشتر خەڵك فێربکات (ﷺ) ، سوێند بە خوا نە هەڵکۆڵیا پیامدا و نە لێمیدا و نە قسەیشی پێ وتم بەڵکو فەرموی :** ((إِنَّ هَذِهِ الصَّلاَةَ لاَ يَصْلُحُ فِيهَا شَيْءٌ مِنْ كَلاَمِ النَّاسِ ، إِنَّمَا هُوَ التَّسْبِيحُ وَالتَّكْبِيرُ وَقِرَاءَةُ الْقُرْآنِ))(٧) **واتە : "ئەم نوێژە هیچ شتێك لە قسەی خەڵك شیاو نییە تێیدا ، بەڵکو ئەمە تەنها بریتییە لە تەسبیحات و تەکبیرات و قورئان خوێندن" ـ یان بەو شێوازەی کە پێغەمبەر**

---

**أُمُّكَ يَا مُعَاذُ** وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ أَوْ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ إِلاَّ حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ)) [أخرجه الإمام أحمد : (٢٢٣٦٦) ، والترمذي أبواب الإيمان باب ما جاء في حرمة الصلاة : (٢٦١٦) ، وابن ماجه أبواب الفتن باب كف اللسان في الفتنة : (٣٩٧٣). ]]

**واتە : ئایا هەواڵتنەدەمێ بە جڵەوگیری هەموو ئەوانە ؟ وتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ، پێغەمبەری خواش زمانی گرت و فەرمووی : ئەمەت بگرەوە ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا بۆ ئایا لێپرسینەوەمان لێدەکرێت و سزا دەدرێین لەسەر ئەوەی کە دەیلێین ؟ فەرمووی : لەبار دایکت بچیتەوە ئەی (مُعَاذ) بۆ ئایا خەڵکی ڕادەکێشرێن لەسەر ڕوومەتیان یان لەسەر لوتیان ئیللا بە هۆی دروێنەی تاوانەکانی زمانیانەوە نەبێت .**

(٧) أخرجه مسلم كتاب المساجد باب تحريم الكلام في الصلاة : (٥٣٧) .

(ﷺ) فەرموویەتی ـ ، سەیری ئەم دەعوە و بانگەوازە خۆشویستراوە بکە بە لای دەرونەکانەوە کە مرۆڤـ قبوڵی دەکات و سنگی پێی کراوە دەبێت .

وە لەم فەرموودەیەوە هەندێك سوودی فقهی وەردەگرین ، لەوانە : هەرکەسێك لە ناو نوێژدا قسە بکات و نەزانێت کەوا قسە کردن نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە ئەوا نوێژەکەی صەحیح و دروستە .

## نموونەی سێیەم :

پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا : تیاچووم ، فەرمووی : چی لە ناوتی برد ؟ وتی : ڕۆیشتومە لای خێزانەکەم لە ڕەمەزاندا لە کاتێکدا کە من بە ڕۆژوو بووم ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێی کرد بەوەی کە کۆیلەیەك ئازاد بکات ، وتی : نیمە ، ئەنجا فەرمانی پێی کرد بەوەی کە دوو مانگ لەسەر یەك ڕۆژوو بگرێت ، وتی : ناتوانم ، ئەنجا فەرمانی پێی کرد بەوەی کە خواردنی شەست فەقیر بدات ، وتی : ناتوانم ، پیاوەکە دانیشت و دوای ئەوە هەندێك خورما هێنرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و پێی فەرموو: ئەمە ببە و بیکە بە خێر و صەدەقە ، ـ بەڵام ئەوەبوو ئەم پیاوە تەماحی کردە بەخشندەیی پێغەمبەر (ﷺ) کە گەورەترین بەخشندەییە بۆ

مەخلوق و دروستكراو، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخشندەترینی خەڵكە .ـ

ئەم پیاوە وتی : ئایا بیدەم بە كەسێك لە خۆم فەقیر تر ؟ سوێند بە خوا لە نێوان ئەم دیو و ئەو دیوی شاری مەدینەدا خێزانێك نی‌یە لە من فەقیر تر بێت ، پێغەمبەریش (ﷺ) پێكەنی تاوەكو كاكیلەكانی دەركەوتن ، ـ ئەم پیاوە بە ترسەوە هات و وتی : تیاچووم كە چی بە دەستكەوتەوە ڕۆیشت ـ ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : بڕۆ بیدە بە خێزانەكەت با بیخۆن[٨].

ئەو پیاوە بە دڵ ئارامی و دەستكەوتووی و دڵ خۆشیەوە ڕۆیشتەوە بە هۆی ئەم ئاینەی ئیسلامەوە و بە هۆی ئەم ئاسانكاریەوە لە لایەن یەكەمین بانگخوازەوە بۆ ئەم ئاینی ئیسلامە صەڵەوات و سەلامی خوای لێبێت .

## نموونەی چوارەم :

وە با سەیر بكەین پێغەمبەر (ﷺ) چۆن مامەڵە و هەڵسوكەوتی كردووە لەگەڵ كەسێكدا كە تاوانی ئەنجامداوە :

---

(٨) أخرجه البخاري كتاب الصوم باب إذا جامع في رمضان ولم يكن له شيء فتصدق عليه فليكفر : (١٩٣٦) ، ومسلم كتاب الصيام باب تغليظ تحريم الجماع في نهار رمضان : (١١١١) .

پێغەمبەر (ﷺ) پیاوێکی بینی مستیلەیەك لە زێڕی لە دەستدایە و بە دەستی پیرۆزی دایکەند لە دەستی و فڕێیدایە سەر زەوی و فەرمووی : یەکێك لە ئێوە دەچێت پشکۆیەك لە ئاگر دەکاتە دەستی .

پێغەمبەر (ﷺ) مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکرد وەکو ئەوانەی پێشووتر بەڵکو دایکەند لە دەستی و فڕێیدایە سەر زەوی ، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشت پێی وترا : مستیلەکەت ببە و سوودی لێببینە ، ئەویش وتی : سوێند بە خوا مستیلەیەك نابەم کە پێغەمبەر (ﷺ) فڕێی دابێت[٩] ، گەورەیی بۆ خوا لەم فەرمان بەجێهێنانە گەورەیەی صەحابە (رضي الله عنهم) .

گرنگ ئەوەیە کە واجب و پێویستە بانگخواز دەعوە و بانگەواز بکات بۆ لای خوای گەورە بە حیکمەت و داناییەوە ، چونکە کەسی نەزان و جاهیل وەکو زانا و عالم نییە ، وە کەسی ملهوڕ و یاخی وەکو کەسی ملکەچ نییە ، بۆ هەموو شوێنێك وتەی خۆی هەیە و بۆ هەموو پێگەیەکیش بوارێك هەیە .

(٩) أخرجه مسلم كتاب اللباس باب تحريم خاتم الذهب على الرجال : (٢٠٩٠) .

# تویشووی چوارەم

## پێویستە بانگخواز بە ڕەوشتە باشەکان ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات :

بە شێوەیەك کەوا شوێنەواری علم و زانستی لەسەر دەرکەوێت لە بیروباوەڕیدا ، لە روخساریدا ، وە لە هەموو ڕێڕەوێکیدا تاوەکو ڕۆڵی بانگخواز بۆ لای خوا بگێڕێت ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوەوە بێت ئەوا بەڕاستی دەعوە و بانگەوازەکەی شکست دەخوات ، وە ئەگەر سەرکەوتویش بێت ئەوا سەرکەوتنەکەی کەمە .

پێویستە لەسەر بانگخواز کەوا ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات بەوەی کە بانگەوازی بۆلا دەکات لە عیبادەتەکان و مامەڵەکان و ڕەوشت و ئاکارەکان بۆ ئەوەی دەعوە و بانگەوازەکەی قبوڵکراو بێت وە بۆ ئەوەیش کە نەبێتە یەکێك لەوانەی کەوا یەکەمین کەسن دۆزەخیان پێ گڕدەدرێت .

برایان : ئەگەر ئێمە سەیرێکی حاڵی خۆمان بکەین دەبینین لە واقعدا ئێمە هەندێك جار بانگەواز دەکەین بۆ شتێك بەڵام خۆمان پێی هەڵناسین و بێ گومان ئەمەش کەلێن و کەموکوڕیەکی گەورەیە ، مەگەر تێڕوانین بۆ شتێك کە لەو باشتر و چاکتر بێت ببێتە بەربەست لە نێوان ئێمە و ئەو شتەدا چونکە هەموو شوێن و پێگەیەك قسەی خۆیی هەیە ، جاری وا هەیە شتێکی باش

(الفاضل) دەبێتە لەوباشتربوو (المفضول) لەبەر هەندێك شت كە لەوباشتربووەكە لارەسەنگتر دەكات ، لەبەر ئەمە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگەوازی دەكرد بۆ هەندێك ئاكار بەڵام هەندێك جاریش بە شتانێكی ترەوە سەرقاڵ دەبوو كە لەوانە گرنگتر بووە ، وە هەندێك جار بە ڕۆژوو دەبوو تاوەكو دەوترا : ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژوو ناشكێنێت ، وە هەندێك جاریش بە ڕۆژوو نەدەبوو تاوەكو دەوترا : ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژوو ناگرێت .

برایان : بەڕاستی من ئەوەم لە هەموو بانگخوازێك دەوێت كە ڕەفتار و هەڵسوكەوت بكات بەو ڕەوشتانەی كە گونجاو و شیاون بۆ بانگخواز بۆ ئەوەی ببێتە بانگخواز بەڕاستی و بۆ ئەوەیش قسەی لە قبوڵ كردنەوە نزیكتر بێت .

# تویْشووی پیْنجەم

## پیْویستە بانگخواز ئەو بەربەستانە بشکیْنیْت کە لە نیْوان ئەم و خەڵکدایە :

چونكە زۆرێك لە برا بانگخوازەكانمان ئەگەر خەڵكانێك ببینن بەسەر خراپەیەكەوە ئەوا غیرەت و بێزاربوویان لەو خراپەیە وایان لێدەكات كە نەچن بۆ لای ئەو خەڵكانە و ئامۆژگاریان بكەن ، وە ئەمەش هەڵەیە و هەرگیز لە حیكمەتەوە نییە ، بەڵكو حیكمەت ئەوەیە كە بڕۆیت و بانگەواز بكەیت و دینی خوا بگەیەنیت و هانیان بدەیت بۆ چاكەكردن و بیانترسێنیت لە خراپەكردن و نەڵێیت ئەوانە فاسق و لاڕێن و نابێت بە لایاندا بڕۆم ، جا ئەگەر تۆی بانگخواز نەڕۆیت بۆ لای ئەوانە و بە دەوریاندا ڕێنەكەیت ئەی كێ سەرپەرشتیان بكات ؟ ئایا یەكێكی هاوشێوەی خۆیان سەرپەرشتیان بكات ؟ ئایا خەڵكانێك سەرپەرشتیان بكەن كە نەزانن ؟ هەرگیز شتی وا نابێت ، لەبەر ئەمە پێویستە بانگخواز بە صەبر بێت ، وە ئەمەش بەشێكە لەو صەبر و ئارامگرتنەی كە لە پێشەوە باسمانكرد ، پێویستە خۆی ڕابێنێت لەسەر صەبر و خۆڕاگرتن و زۆر لە خۆی بكات و ئەو بەربەستانە بشكێنێت كە لە نێوان ئەم و خەڵكدایە تاوەكو بتوانێت دەعوە و بانگەوازەكەی بگەیەنێت بەو كەسانەی كە پێویستیان پێیەتی .

بەڵام ئەگەر خۆی بگرێتەوە و نەچێتە پێشەوە ئەوا ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) کردوویەتی ، وەکو زانراوە پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژانی کۆبوونەوە لە میناداا دەڕۆیشت بۆلای موشریك و هاوەڵبڕیاردەرەکان لە شوێنەکانی خۆیاندا و بانگەوازیانی دەکرد بۆلای خوا ، وە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی : "ئایا کەسێك هەیە بمبات بۆلای قەومەکەی بۆ ئەوەی کەلامی خوا بگەیەنم چونکە بەڕاستی قورەیش ڕێگری ئەوەم لێدەکەن کەلامی خوا بگەیەنم"[١٠].

جا ئەگەر ئەمە دابی پێغەمبەر و پێشەوا و سەرمەشق و ڕابەرەکەمان (مُحَمَّد ﷺ) بێت ئەوا پێویستە لەسەر ئێمەیش وەکو ئەو بین لە بانگەواز کردندا بۆلای خوا .

---

[١٠] أخرجه الإمام أحمد : (١٤٥١٠) و (١٤٥١١) و (١٤٧٠٨) ، وابن حبان كتاب التاريخ باب بدء الخلق : (٦٢٧٤) .

# تویشووی شەشەم

## پێویستە بانگخواز دڵی کراوە بێت بۆ ئەوانەی کە پێچەوانەین :

بە تایبەت ئەگەر زانی ئەو کەسەی کە پێچەوانەی دەکات نیەت و مەبەستی باشە و پێچەوانەیی نەکردووە ئیللا بە پێی ئەوە نەبێت کە بەڵگەیەك لای ئەو دەیخوازێت ، بەڕاستی پێویستە مرۆڤ نەرم و کراوە بێت لەم بوارانەدا و ئەم جیاوازیە نەکاتە مایەی ورووژاندنی دژایەتی و ڕقەبەرایەتی ، ئیللا مەگەر پیاوێك بە ملهوڕیەوە پێچەوانە بکات بە شێوەیەك کەوا حەق و ڕاستی بۆ روون بکرێتەوە بەڵام ئەو هەر سووربێت لەسەر باتڵ و پووچەڵییەکەی خۆی ئەوا پێویستە ئەمە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بەوەی کە شایستەیەتی لە خەڵك لێ ڕەواندنەوەی و ووریاکردنەوەیان لێ ی چونکە ئەمە دژایەتی کردنی بە روونی دەرکەوتووە و ئاشکرا بووە بە شێوەیەك کەوا حەق و ڕاستی بۆ روون کراوەتەوە بەڵام ئەو جێبەجێ ی نەکردووە .

وە لێرەدا هەندێك بابەتی فەرعی هەیە کەوا خەڵکی تێیدا جیاوازن و بەڵام خوای گەورە فراوانی تێدا بەرقەرار کردووە لەسەر بەندەکانی - مەبەستم ئەو بابەتانەیە کەوا لە بنەماکان نین کە پێویستە کەسی پێچەوانەکاری تێدا بە کافر بزانرێت - ئەم بابەتە فەرعیانە خوای گەورە فراوانی تێدا بەرقەرار کردووە لەسەر بەندەکانی و هەڵەکردنی تێدا

بەرفراوان کردووە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ فَأَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ ، وَإِذَا حَكَمَ فَأَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ وَاحِدٌ))[١١].

واتە : ئەگەر قازی و موفتی ویستی بڕیار و فەتوا بدات و هەوڵیدا و تێکۆشا و ئەنجا پێکای ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە ، وە ئەگەر ویستی بڕیار و فەتوا بدات و هەڵەی کرد و نەیپێکا ئەوا تەنها یەك پاداشتی بۆ هەیە .

کەواتە ئەو کەسەی کەوا موجتەهیدە و هەوڵی خۆی دەخاتەگڕ هەرگیز لە بازنەی پاداشت وەرگرتن بەدەر نییە یان دوو پاداشتی بۆ هەیە ئەگەر پێکای وە یان تەنها یەك پاداشتی بۆ هەیە ئەگەر هەڵەی کرد و نەیپێکا .

وە ئەگەر تۆ بتەوێت کەسانی جگە لە تۆ پێچەوانەت نەکەن ئەوا بە هەمان شێوە جگە لە تۆیش نایەوێت هیچ کەسێك پێچەوانەی بکات ، جا چۆن تۆ دەتەوێت خەڵك قسەی تۆ وەربگرن ئەوا ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی تۆن بە هەمان شێوە دەیانەوێت خەڵك قسەی ئەوان وەربگرێت .

---

[١١] أخرجه البخاري كتاب الاعتصام باب أجر الحاكم إذا اجتهد فأصاب أو أخطأ : (٧٣٥٢) ، ومسلم كتاب الأقضية باب بيان أجر أجر الحاكم إذا اجتهد فأصاب أو أخطأ : (١٧١٦) .

وە سەرچاوەی بۆلاگەڕانەوە لە کاتی جیاوازی و ناکۆکیدا ئەوەیە کە خوای گەورە لەم فەرمایشتەیدا روونی کردووەتەوە : ﴿ وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴿١٠﴾ ﴾ [الشورى] .

واتە : لە هەر شتێکدا جیاوازی و ناکۆکی کەوتە نێوانتانەوە ئەوا حوکمی ئەو شتە لای خوایە و ئەو یەکلای دەکاتەوە .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴿٥٩﴾ ﴾ [النساء] .

واتە : ئەگەر کێشە و ناکۆکی و جیاوازی کەوتە نێوانتانەوە لە شتێکدا ئەوا بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر [واتە : بۆ لای قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر ﷺ ] ئەگەر ئێوە ئیمانتان هەیە بە خوا و بە ڕۆژی دوایی ئا ئەم گێڕانەوەیە چاکترە و سەرئەنجامەکەشی باشترە .

کەواتە پێویستە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کەوا جیاوازی و ناکۆکی هەیە لە نێوانیاندا بگەڕێنەوە بۆلای ئەم دوو بنەمایە : کتێبەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ، وە بۆ هیچ کەسێك حەلاڵ نییە بەرهەڵستی

فەرمایشتی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکات بە وتەی هیچ مرۆڤێك هەرکەسێك بێت ، جا ئەگەر حەقت بۆ روون بوویەوە ئەوا پێویستە قسەی ئەو کەسەی کە پێچەوانەی دەکات بیدەیت بە قەد دیواردا و نابێت لای بە لادا بکەیتەوە پلە و پێگەی هەر چییەك بێت لە زانست و ئایندا ، چونکە مرۆڤ هەڵە دەکات بەڵام فەرمایشتی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هەڵەی تێدا نی‌یە .

وە بە لامەوە جێگای نیگەرانی و داخە کەوا لە کەسانێکەوە دەبیسم سوورن لەسەر خواستنی حەق و گەیشتن پێ‌ی کە چی لەگەڵ ئەوەیشدا پەرتەوازە و پارچەپارچەن و هەر یەکێکیان ناوێکی دیاریکراو یان سیفەتێکی دیاریکراوی هەیە ، وە لە ڕاستیدا ئەمە هەڵەیە چونکە ئاینی خوای گەورە یەکێکە و ئوممەتی ئیسلامیش یەکێکە ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱتَّقُونِ ﴿٥٢﴾ ﴾ [المؤمنون] .

واتە : بەڕاستی ئەم ئوممەتەی ئێوە تەنها یەك ئوممەتە و منیش پەروەردگاری ئێوەم بۆیە لێم بترسن و خۆپارێزی بکەن لە سزام .

هەروەها خوای بێکەم و کوڕی و پایەدار دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿١٥٩﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەو کەسانەی کە دینەکەیانیان پارچەپارچە کردووە و بوونە بە تاقم تاقم و حزب حزبەوە تۆ لە هیچ شتێکدا لەوان نیت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ، ئا ئەوانە سەرئەنجامیان بۆ لای خوایە و ئەنجا هەواڵیان پێ دەدات سەبارەت بەوەی کە کردوویانە .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ ﴿١٣﴾﴾ [الشورى] .

واتە : خوای گەورە لەو دینەی بۆ بە شەرع داناون کە ئامۆژگاری (نوح)ی پێ کردووە و ئەوەیش کە بە وەحی بۆ تۆمان ناردووە و ئەوەیش کە ئامۆژگاری (إبراهيم و موسى و عيسى)مان پێ کردووە کەوا ئەو دینە پەیڕەو بکەن و بە جێی بێنن و پەرتەوازە و پارچەپارچە نەبن تێیدا .

جا ئەگەر ئەمە ڕێنمایی خوای گەورە بێت بۆمان ئەوا پێویستە لەسەرمان ئەم ڕێنماییە وەربگرین ، وە لەسەر ڕاخراوی توێژینەوە کۆببینەوە و هەندێکمان گفتۆگۆی هەندێکی ترمان بکەین بە مەبەستی چاکسازی نەك بە مەبەستی ڕەخنەگرتن یان تۆڵەکردنەوە ، چونکە بەڕاستی هەر مرۆڤێك موجادەلە و گفتۆگۆ بکات لەگەڵ جگە لە خۆی بە مەبەستی سەرخستنی ڕاوبۆچوونەکەی خۆی و سووکایەتی کردن بە ڕاوبۆچوونی جگە لە خۆی یان بە مەبەستی ڕەخنەگرتن نەك چاکسازی ئەوا زۆربەی جار بە شێوەیەك لێدەبنەوە کەوا خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕازی نەکات ، بۆیە لە نموونەی ئەم شتەدا پێویستە لەسەرمان کەوا یەك ئوممەت بین ، وە من ناڵێم هیچ کەسێك هەڵە ناکات ، هەمووی هەڵە دەکات و دەیپێکێت ، بەڵام قسەمان لەسەر ڕێگای گەیشتنە بە چاکسازی ئەم هەڵەیە ، ڕێگای گەیشتن بە چاکسازی هەڵە بە ئەوە نییە کە لە کاتی دیارنەبوونی ئەودا قسەی پێ بڵێم و غەیبەتی بکەم و لەکەداری بکەم ، بەڵکو ڕێگای گەیشتن بە چاك کردنی بەوەیە کە لەگەڵیدا دابنیشم و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم ، جا ئەگەر دوای ئەوە دەرکەوت کە ئەو پیاوە سوورە لەسەر ملهوڕی خۆی و سوورە لەسەر ئەوەی کە لەسەری دەڕوات لە باتڵ ئەو کاتە من بیانووم هەیە و حەق و مافم هەیە

بـەڵكو پێویسـتە لەسـەرم كـەوا هەڵەكـەی روونبكەمـەوە و ئاشـكرای بكـەم و خەڵكیش وریا و ئاگادار بكەمەوە لە هەڵەكەی .

ئا بەمە شتەكـان چاك دەبێت ، بـەڵام پەرتـەوازەیی و پارچەپارچـەبوون و حزبایەتی كردن ئا ئەمە چاوی هیچ كەسێكی پێ ئۆقرە ناگرێت مەگـەر تـەنها كەسێك نەبێت كە دوژمنی ئیسلام و موسڵمانانە .

# کۆتایی

داوا لە خوا دەکەم کەوا دڵەکانمان کۆبکاتەوە لەسەر گوێڕایەڵی کردنی ، وە بمانگێڕێت لەو کەسانەی کە کێشەکانمان دەگێڕینەوە بۆلای خوا و پێغەمبەرەکەی ، وە نییەت و مەبەستمان پاك و پوخت بکات ، وە ئەوەی کە لە شەریعەتەکەی شاراوەیە لێمان بۆمانی روونبکاتەوە ، بەڕاستی خوا دەستکراوە و بەخشندەیە .

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، وَصَلَّى اللَّهُ وَسَلَّمَ
عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين

# ناوەڕۆك

* پێشەكی دانەر : ........................................................................ ١

تویێشووی یەكەم: پێویستە بانگخواز زانستی پێ بێت سەبارەت بەوەی كە بانگەوازی بۆ لا دەكات : ..... ٨

تویێشووی دووەم: پێویستە بانگخواز خۆڕاگر و بە صەبر بێت لەسەر دەعوە و بانگەواز كردنەكەی : .. ١٧

تویێشووی سێیەم: بریتییە لە : ( حیكمەت و دانایی ) : ............................................ ٣٢

تویێشووی چوارەم: پێویستە بانگخواز بە ڕەوشتە باشەكان ڕەفتار و هەڵسوكەوت بكات : ........... ٤٢

تویێشووی پێنجەم: پێویستە بانگخواز ئەو بەربەستانە بشكێنێت كە لە نێوان ئەم و خەڵكدایە : .... ٤٤

تویێشووی شەشەم: پێویستە بانگخواز دڵی كراوە بێت بۆ ئەوانەی كە پێچەوانەین : ................ ٤٦

كۆتایی ........................................................................................ ٥٣

## الإمام ابن العثيمين في سطور[1]

* هو الإمام الحَبْر الرَّباني ، الفقيهُ الأُصولي المُفسِّرُ الزاهدُ الورعُ ، العلاَّمة الشيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله .

* ولد الشيخ في مدينة عُنيزة بتاريخ : (٢٧ / ٩ / ١٣٤٧) هـ .

* كان الشيخ ابن العثيمين إماماً ربانيَّاً حيثُ كان عالماً عاملاً بعلمه ومُعلماً لغيره وداعياً إلى الله على بصيرة ، وكان له حظ وافر من وصفي "الرباني والإمام" المذكورين في قوله تعالى : ﴿وَلَٰكِن كُونُواْ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمۡ تُعَلِّمُونَ ٱلۡكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمۡ تَدۡرُسُونَ ٧٩﴾ [آل عمران] ، وقوله تعالى : ﴿وَجَعَلۡنَا مِنۡهُمۡ أَئِمَّةٗ يَهۡدُونَ بِأَمۡرِنَا لَمَّا صَبَرُواْۖ وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ ٢٤﴾ [السجدة] .

* وكان الشيخ ابن العثيمين رحمه الله مدرسة علمية ومكتبة متنقلة وحده ، وهذا ما يشهد عليه دروسه المسجلة وكتبه العلمية المؤصلة ، وكان "**أُمَّةً في رَجُلٍ**" :

والنَّاسُ أَلْفٌ مِنْهُم كَوَاحِدٍ ... وواحِدٌ كالأَلْفِ إِنْ أَمْرٌ عَنَا

---

[1] انظر ما كتبه : (**اللجنة العلمية في مؤسسة الشيخ محمد بن صالح العثيمين الخيرية**) في ترجمته في مقدمة كتب الشيخ رحمه الله تعالى .

* توفي الشيخ بتاريخ (١٥ / ١٠ / ١٤٢١) هـ رحمه الله رحمةً واسعة وأدخله الفردوس الأعلى .

* كان وفاة الشيخ ابن العثيمين رحمه الله خسارة كبيرة للعالَم أجمع ومصيبة عظيمة على المسلمين عموماً ، وبوفاة الشيخ تبين للناس مصداق قول بعض أهل العلم قديماً عندما قالوا : (**موتُ العالِمِ موتُ العالَمِ**) .

* ولا أكون مُجانبا للصواب في أنَّ قول الشيخ ابن باز رحمه الله القائل : (**مَنْ نَذَرَ نَفْسَهُ لِخدمة دينهِ عاش مُتعباً ، ولكن سيعيشُ كبيراً ، وسيموتُ كبيراً ، وسيُبعثُ كبيراً ، والحياةُ في سبيل الله أصعبُ من الموتِ في سبيل الله**) ينطبق على الشيخ ابن العثيمين رحمه الله تمام الانطباق .

**الْحَمْدُ للهِ الذّي وَفَّقَنِي لِتَرْجَمَةِ**

**هَذِهِ الرِّسَالَةِ الصَّغِيْرَةِ الْحَجْمِ الْعَظِيْمَةِ النَّفْعِ وَالْفَائِدَةِ**

**(لَقَدْ بَدَأْتُ بِتَرْجَمَتِهَا مِنْ بَلْدَتِي كَلار ، وانْتَهَيْتُ مِنْهَا فِي مَكَّةَ الْمُكَرَّمَةِ**

**أَثْنَاءَ مَوْسِمِ عُمْرَةِ رَبِيْعِ عَامِ ١٤٣٥ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيَّةِ)**

مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة / بِدَاخِلِ (مَكْتَبَة مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة) / بِجَنْبِ الْمَسْجِدِ الْحَرَام

بَعْدَ صَلاةِ الْمَغْرِب / ١٨ / جَمَادِي الأُوْلَى / ١٤٣٥ هـ

وَقَبْلَهَا وَفَّقَنِي اللهُ لِتَرْجَمَةِ رِسَالَةِ

**(تَفْسِيْرُ سُوْرَةِ الْفَاتِحَة)**

لِمَعَالِي الشَّيْخ صَالِح بْنِ فُوزَان الفُوزَان حَفِظَهُ اللَّهُ

أَثْنَاءَ مَوْسِمِ عُمْرَةِ رَبِيْعِ عَامِ ١٤٣٤ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيَّة

وَقَبْلَهَا أَيْضاً وَفَّقَنِي اللهُ لِتَرْجَمَةِ رِسَالَةِ

**(الدُّرُوسُ الْمُهِمَّةُ لِعَامَّةِ الأُمَّة)**

لِسَمَاحَةِ الشَّيْخ عَبْدِالعَزِيْزِ بْنِ بَاز رَحِمَهُ اللَّهُ

أَثْنَاءَ مَوْسِمِ حَجِّ عَامِ ١٤٣٣ مِنَ الْهِجْرَةِ النَّبَوِيَّة

اللَّهُمَّ ارْزُقْنِي الاتْيَانَ إِلَى الْحَجِّ وَالْعُمْرَةَ مَرَّاتٍ عَدِيْدَة

وَارْزُقْنِي الإِقَامَةَ فِي مَكَّةَ الْمُكَرَّمَة وَالْمَدِيْنَةِ النَّبَوِيَّة

ـ قُولُوا : آمِيْن ـ

**أبو فردوس محمد بن عبدالرحمن الكردي العراقي**